# بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆی

# ناوەندی چاک

# ناوەڕۆک

پێشەکی ..... 3

**بەرنامەی چاک** ..... 4

پێناسە: ..... 5

1. ئامانجەکان: ..... 5

2. ناوەندی چاک باوەڕی وایە: ..... 6

3. ناوەندی چاک پشتگیری دەکات: ..... 7

4. شێوازەکانی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی: ..... 7

**پەیڕەوی ناوخۆ** ..... 9

بەندی 1:  ناوی ئەم ڕێکخراوە ..... 10

بەندی 2: ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی چاک ..... 10

بەندی 3: ئەندام ..... 12

بەندی 4: مافەکانی ئەندام ..... 12

بەندی 5: ئەرکەکانی ئەندام ..... 12

بەندی 6: لەدەستدانی ئەندامەتی ..... 12

بەندی 7: جۆرەکانی لێپرسینەوە ..... 13

بەندی 8: دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی لێپرسینەوە و شێوازەکانی ..... 13

بەندی 9: وازهێنانی ئەندام ..... 13

بەندی 10 :  کۆمیتەی وڵاتان ..... 14

بەندی 11:  دەستەی کارگێر ..... 14

بەندی 12:  بەشەکانی ناو دەستەی کارگێر ..... 15

بەندی 13:  دەستەی باڵا ..... 15

بەندی 14: لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون ..... 15

بەندی 15: کۆنگرە ..... 16

بەندی 16: کۆبونەوەی گشتی ..... 16

بەندی 17: ئەنجومەنی ڕێکخراو ..... 16

بەندی 18: سەرچاوەکانی دارایی ..... 17

بەندی 19: هەڵوەشانەوەی ڕێکخراو ........ 17
بەندی 20: لیژنەی ڕاوێژکار ........ 18
بەندی 21: ئەندامی شانازی ........ 18

**پاشکۆی پەیرەوی ناوخۆ** ........ 19
1. ئەندام: ........ 20
2. ئەندامانی ئاستەکانی سەرووی کۆمیتەی وڵاتەکان ........ 20
3. وازهێنانی ئەندام ........ 21
4. کۆمیتەی وڵاتان ........ 21
5. بەشەکانی ناو دەستەی کارگێر ........ 21
A. بەشی ڕاگەیاندن ........ 21
B. بەشی پەیوەندی ........ 22
C. بەشی دارایی ........ 22
d. بەشی ڕێکخستن ........ 22
e. بەشی نەخشە و پلان دانان ........ 23
F. ئەرشیف ........ 23
6. دەستەی کارگێر ........ 23
7. دەستەی باڵا ........ 23
8. ئیمایلگروپ و بەکارهێنانی ........ 23
9. کۆبوونەوەی گشتی ........ 24
10. کۆبوونەوەی ساڵانە ........ 24
11. کۆنگرە ........ 24

## پێشەکی

کوردستان لەسەردەمی مۆدێرنە و دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، هەروەها بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و جەنگی جیهانی یەکەمدا ئالوگۆڕی لەلایەن داگیرکەری جیاجیاوە پێکرا و بەژێردەستی مایەوە، لەو ماوەیەدا و تا ئێستا خەڵکی کوردستان بەرەورووی چەوساندنەوە و هەوڵی تواندنەوەی بەردەوام بووین، ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلی کوردستان کراون کەمترنین لەو تاوانانەی بەرامبەر گەلانی تر وەکو ئیندیانەکانی ئەمەریکا، ئەرمەن، جولەکە، کەمبۆدیەکان، هوتووەکانی بۆرۆندی، توتسیەکانی رواندا، بۆسنیەکان و دارفوریەکان گەلی دیکە کراون.

بەدرێژایی تەمەنی داگیرکاری لە کوردستاندا، هەزاران لادێ و شارەدێ سوتێندراون و خاپوورکراون. خەڵکی کوردستان لەکات و سەردەمی جیاجیادا بە سەدان هەزاریان دەرکراون یا ڕاگوێزراون و لە شوێنیاندا تورک، فارس و عەرەب نیشتەجێکراون. ناسنامەیان لێسەندراوە یا بەزۆر گۆڕدراوە، ڕاوەدوونراون، دەستدرێژی کراوەتە سەریان، زیندانیکراون، ڕفێندراون و شونبزرکراون. ئەو پاکتاوە سیستەماتیکیانە لە لایەن داگیرکەرانەوە پیادەکراوە. هەموو ئەو تاوانانە بەرامبەر بە بوونی نەتەوەی کورد و ئەندامانی سەر بەم نەتەوەیە لەبەر کورد بوون ڕوویانداوە.

داگیرکەرانی کوردستان سڵیان لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی وەکو ژاری کیمیاوی و کۆمەڵکوژ نەکردۆتەوە. لە کۆمەڵکوژیەکەی کوردەکانی ناوچەی دەرسیم لە ساڵانی 1937 و 1938دا ژاری کیمیاوی بۆ لەناوبردنی کورد لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەکارهاتووە. لە بەهاری ساڵی 1987 لە دێهاتەکانی بانە و مەریوان، دێهاتەکانی خۆشناوەتی وەکو شێخوەسان و بالیسان هەروەها دواتر شاری سەردەشت وەکو یەکەمین شاری کوردستان، ژاری کیمیاوی لە کۆمەڵکوژی کوردانیدا بەکار هاتووە. لە مارسی 1988 دا گەورەترین هێرشی کیمیاوی بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل لە مێژوودا لە لایەن دەوڵەتی ئێراق کرایە سەر خەڵکی بێبەرگری شاری هەڵەبجە. هەر لەهەمان ساڵدا لە ناوچەکانی قەرەداغ، گەرمیان، دەشتی کۆیە، خۆشناوەتی، باڵەکایەتی و بادینان ژاربارانی ئەم ناوچانە کرا.

کۆمەڵکوژیەکانی قەڵادزێ، قارنێ و قەڵاتان، عاموودا و هی دیکە ئامازە بە پاکتاوی ڕەگەزی و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی دەکەن. بەعەرەبکردن، تواندنەوە و پاکتاوی سیستەماتیکیانەی کوردە فەیلیەکان و ئێزدیەکان، کۆمەڵکوژی نزیکەی 8000 بارزانی لە ساڵی 1983 و 182.000 هەزار کەس لە ساڵی 1988 دا، لەگەڵ خاپورکردنی بەهەزاران گوند و شارەدێی کوردستان بەڵگەی بوونی تاوانی ژینۆساید دەسەلمێنن.

بەهۆی لەبیرکردن، کەمتەرخەمی و بێدەنگی بەرامبەر بە تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال لەسەرەتای ساڵی 2002 دا دەستەیەک لە کوردستانیانی هەندەران، بوونی ڕەگەرێکخراوێکیان بە پێویست زانی. سەرەتا لەژێر ناوی "کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال" لەسەر تۆری ئەنتەرنێت لە ڕێگەی پاڵتۆلک (ژووری پێشکەوتنخوازان) کەمپینێک لە دایک بوو. ئەم کەمپینە درێژەی کێشا و خەڵکی دیکەی لێ کۆبووەوە، کە پێویستبوونی ڕێکخراوێکی گەورەتر و خاوەن ئاسۆیەکی دوورتری هێنایە پێشەوە. ئەوە بوو ناوی کەمپین گۆڕدرا بە "ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد (چاک)" کە وەکو ناوەندی چاک ناسرا. لە هاوینی 2006 دا یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و لە کار و چالاکیەکانی بەردەوام بووە. لەم ماوەیەی تەمەنی چاکدا گەلێ کار و چالاکی گرنگ لە بوارەکانی ناساندنی ژینۆساید و بەداگاییگەیاندنی تاوانباران ئەنجام دراون.

لە 1-2 ی دیسەمبەری 2007 دا ناوەندی چاک کۆنگرەی دووەمی ئاوارتەی بەستا و لەم کۆنگرەیەدا ئەم بەرنامەوپەیرەوەی کە ئێستا لەبەردەستدایە پەسند کرا.

لەم نامیلکەیەدا بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆی ئەم ڕێکخراوە نوسراوە، کە وردەکاری سەبارەت بە ئامانج و هەوڵەکان، چۆنیەتی پێکهاتەی ڕێکخراو، پرەنسیپەکان و چۆنیەتی کارکردنی ئۆرگان و ئەندامان ڕوونکراوەتەوە و دیارکراون.

# بەرنامەی چاک

## پێناسە:

1. ڕێکخراوێکی ناحکومی سڤیلی سەربەخۆیە، ئەندامی لە زۆر ولاتی جیهاندا هەیە.
2. کاروبــاره ناوخۆیــەکانی بــە پــەیڕەویکردن لــە پرێنســیپ و پێــوەرە دیموکراتیــەکان بــەڕێوە دەبات.
3. ســەربەخۆیە لــە هــەر جــۆرە ئایدیۆلۆژییــەک، بیروبۆچــون و ڕێبــازێکی فکــری-سیاســی و هــەر حیزبێکی سیاسی.
4. لەســەر پرســەکانی کۆمــەڵکوژی و ژینۆســاید کــە بەرامبــەر بــە گــەلی کــورد کــراون و دەکــرێن کــار دەکات.

## 1. ئامانجەکان:

### A. هێنانەدی مەڵەبەندێکی دژ بە ژینۆساید لە کوردستاندا، بۆ:

1. هەوڵدان بۆ پێشگرتن بە دووبارەبوونەوەی تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی، کۆمەڵکوژی و ژینۆساید.

2. لێکۆڵینــەوە و بــە دۆکیومێنــت کردنــی تــەواوی ئــەو ڕووداوانــەی کــە لــە مێــژووی ســەردەمدا بوونەتە هۆی قەلاچۆکاری و کۆمەڵکوژی لە کوردستاندا لە لایەن هەر دەسەڵاتێکەوە بووبێت.

3. هەوڵــدان بــۆ ناســاندنی ئــەو ڕووداوە کۆمــەڵکوژی و قەلاچۆکاریانــە وەک هەوڵوتەقــەلای پاکسازی ڕەگەزی و ژینۆساید لە ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا.

4. بــەمیللیکردنی کارەســاتەکانی کۆمــەڵکوژی و ژینۆســاید بــە مەبەســتی دروســتکردنی هوشیاریەکی کۆی مرۆڤدۆستانە لەنێو کۆمەڵگەدا.

5. داگــاییکردنی تاوانبــاران پێویســتیەکی لەپێشــە، بــۆ ئەمــەش دادگــای نیونەتــەوەیی باشــترین چارەســەرە. بۆیــە بردنــی دۆزی کۆمەڵکوژیــەکان و ژینۆســایدی گــەلی کــورد بــۆ دادگایــەکی ئــەوها ئامانجێکی لەپێشە. دادگاییکردنی تاوانباران لە داد

6. کێشــکردنی تاوانبــاران [داڕێژەرانــی بیرۆکــەی پاکتــاوی ڕگــەزی و ژینۆســاید، نەخشــە بۆکێشەرانی، جێبەجێکەرانی و هەروەها هاوکارەکانیان] بۆ دادگا.

7. دەبێ دەوڵەتی تاوانبار دان بە ژینۆساید بنێت و داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات.

8. دەبــێ دەوڵــەتی تاوانبــار قــەرەبووی زیانــە مرۆیــی و ئــابوری و کۆمەڵایەتیــەکان کــە لــە شــوێنی ڕوداوەکە کەوتووە، بکاتەوە.

9. بەرزکردنــەوەی ســکاڵای یاســایی دژ بــەو کۆمپانیــا و دەوڵەتانــەی کــە هاوکــاری ڕژێمــی بەعســیان لە فرۆشتن، دروستکردن و پەرەپێدانی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ کردووە.

10. درێــژەدان بــە ئاشــکراکردنی چارەنوســی ئــەنفال کراوەکــان، کــە تائێســتا چارەنوســی زۆرێکیــان دیار نیە.

11. درێژەدان بە گەڕانی تیمە پسپۆڕیەکان بۆ دۆزینەوە و پشکنینی گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

12. هەوڵــدان بــۆ دیــاریکردنی ڕۆژی 3/16 وەک ڕۆژی جیهــانی دژ بــە بــەکارهێنانی چــەکی کیمیــایی و ڕۆژی 4/14 وەک ڕۆژی ئەنفال.

13. هەوڵـدان بـۆ دیـاری کردنـی ڕۆژی 6/28 بـەرۆژی کۆمـەڵکوژی کیمیـاوی گـەلی کـورد لـە رۆژهـەلاتی کوردستان ورۆژی 9/2 وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

14. هەوڵـدان بـۆ دیـاری کردنــی ڕۆژی 11/13 وەک یـادی عـامودا لــە رۆژئــاوای کوردســتان و ڕۆژێـک بەرۆژی دیاری کردنی ژینۆسایدی گەلی کورد لە باکوری کوردستان.

## B. هێنانەدی ڕێکخراوێکی جەماوەری، بۆ:

1. پەرەپێــدانی ئاگــاهی و ڕۆشــنگەری کەســوکاری قوربانیــان و خــەڵک بەگشــتی، ســەبارەت بــە نــاوەڕۆکی مەبەستی پاکتـاوی ڕەگـەزی و ژینۆسـاید لــە تاوانانەکانـدا، وە هــەروەها ئـەو مافانــەی کــە کەســوکاری قوربانیانیــان هەیانــە لەگــەڵ ئــەو ڕێگــە یاســاییانەی کــە دەتوانــدرێت بــۆ بەدەســت هێنانیان بگیرێتەبەر.

2. هەوڵدان بۆ ڕێکخراوکردنی کەسوکاری قوربانیان و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانیان:

a. باشکردنی باری ژیانیان لەلایەنی شوێنی ژیان، خانوو و پێداویستییە سەرەتایی و گرنگەکانی ژیان.

b. هەڵسان بە چارەسەرکردنی قوربانیەکانی ژینۆساید، هەروەها نەوەکانی دوای ژینۆساید کە بەهۆی پاشماوەی ژاری کیمیاوی و چەکی کۆمەڵکوژییەوە تەندروستیان ناتەواوە و ئازار دەچێژن.

c. یارمەتی سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی بۆ هەزاران مرۆڤی قوربانی ژینۆساید(بەتایبەتی هەزاران بێوەژن و گەورە کچ) کە بە کێشەی کۆمەلایەتییەوە دەناڵێنن و نامۆیانە ژیان بەسەر دەبەن. چارەسەری کێشەی کۆمەلایەتی ئەو قوربانیانە بکرێت، ڕێزیان بگیرێت و هەوڵبدرێت بگەڕێندرێنەوە ناو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە.

d. یارمەتی مندالانی خێزانە بەرکەوتووەکان لە بواری خوێندن، پەروەردە و پێداویستیەکانی رۆژانەیان تا ئەو کاتەی لەخەم دەردەچن.

e. یارمەتی پیر و پەککەوتەکان لە لایەنی تەندروستی، دەروونی و گوزەرانی ژیان و بواری کۆمەلایەتیەوە.

f. بڕینەوەی مانگانەیەکی دیاریکراو بۆ قوربانیان، خێزانەکانیان و پیروپەککەوتەکان.

## 2. ناوەندی چاک باوەڕی وایە:

a. ڕێگــەگرتن لــە دووبارەبوونــەوەی تاوانــەکانی کۆمــەڵکوژی و ژینۆســاید لــە کوردســتاندا، ســەربەخۆیی کوردســتان و بــوونی مــافی ســەروەریە وەک هــەر وولاتێکــی تــر. بــۆ ئــەو مەبەســتە، ڕێکخــراوی چــاک داننــان بــە مــافی بڕیــاردانی چــارەنووس بــۆ گــەلی کــورد و ئەنجامــدانی لــە ڕێگــەی ریفەراندۆمێکــەوە بە پێویست دادەنێت.

b. هیچ دەسەڵات و لایەنێک، بەبێ گەڕانەوە بۆ دادگایەکی سەربەخۆی دانپێنراو مافی ئەوەی نیە بڕیاری لێبوردن بۆ تاوانباران دەربکات. هەر لێبوردنێک لەدەرەوەی دادگا دەرکرابێت و ئەو تاوانبارانەی گرتبێتەوە، بە نایاسایی دەناسێت.

c. کوردستان نیشتیمانێکی فرە نەتەوە، فرە ئایین و مەزهەبە. جگە لە کورد کەمە نەتەوە و ڕەگەزی تریش دەژین، وە جگە لە ئیسلام چەندین ئایین و مەزهەبی تریش هەن. دەوڵەتێک و دەسەڵاتێکی سیکیولاری [علمانی] هاوچەرخ کە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوونی دانیشتوانی کوردستان، جیا لە نەتەوە و ئایینیان دابمەزرێت، باشترین دڵنیاییە بۆ بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە و بۆ پێشگرتن بە فشارهێنان، ئازاردان و پاکتاوی نەتەوەیی، ئاینی و مەزهەبی لە ئێستاو لە داهاتوودا.

## 3. ناوەندی چاک پشتگیری دەکات:

a. لە کەمینە نەتەوەیی و ڕەگەزیەکان، کەمینە ئاینی و مەزهەبیەکان کە لە ئاکامی تاوانەکانی ژینۆسایدەوە لە کوردستاندا بوونەتە قوربانی. هەروەها دژی هەرجۆرە فشار، هەوڵێکی پاکتاوکردن و دەستدرێژیەکە بۆ سەر مافەکانیان لە ئێستاو لە داهاتووشدا.
b. لە هەموو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان کە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و حەرامکردنی چەکە کۆمەڵکوژەکان، ژاری کیمیاوی، مین هتد..
c. لە ڕێککەوتننامەی پێشگرتن بە ژینۆساید، سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، مۆرکراوی 9-12-1948.
d. لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان، هەڵگرتن، گەشەپێدان، فرۆشتن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کە لە 17ی ژونی 1925 لە ژنێف بڕیاری لەسەر دراوە و لە 13ی ژانیوەری 1993 لە پاریس نوێکراوەتەوە.
e. لە تێکۆشان و هەوڵەکانی هەموو ڕێکخراو و ناوەندێکی ناحکومی، دژ بە پاکتاوی نەتەوەیی و ئاینی، دژ بە هەڵایساندنی جەنگ، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، چەکی ئەتۆمی، چەکی کۆمەڵکوژ و بەکارهێنانی مین.
f. لە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ، سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، مۆرکراوی 10-12-1948.
g. لە تێکۆشان و هەوڵەکانی هەموو ڕێکخراو و ناوەندێکی ناحکومی، بۆ لایەنگری لە مافی مرۆڤ، بەتایبەتیش مافەکانی ژنان و منالان. نەهێشتنی سزادان و ئەشکەنجەی جەستەی و سایکۆلۆژی زیندانیان. لابردنی سزای لە سێدارەدان، پەیڕەو نەکردنی سزادانی بەکۆمەڵ. ڕێگرتن بە ڕێکخستنی بازرگانی سێکس لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، هتد.

## 4. شێوازەکانی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی:

a. سازدان و بەشداری کردن لە کۆنفرانس، سمینار، پێشانگای هونەری و کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر ئاستی کوردستان و جیهانیدا.
b. کۆکردنەوەی بەڵگەنامە بۆ بە دۆکیومێنت کردنی تاوانەکانی ژینۆساید لە چەشنی: [بڕیارە فەرمیەکانی دەوڵەتی، نامە فەرمیەکانی دەزگا دەوڵەتی و هیزە سەربازیەکان، وێنەی فۆتۆگرافی و فیلمی دۆکیومینتی، هتد].

c. ڕێکخراو لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ دەروات و هەڵوێست لەسەر پێشێلکاریەکان یان هەنگاو و ڕێککەوتنە گومانلێکراوەکان لە لایەن هەر دەسەڵات و دەزگایەکەوە بکرێت، وەردەگرێت. لێکۆڵینەوە لەمبارەیەوە دەکات، پێشێلکاریەکان ڕادەگەیەنێت و بە ئاکسیۆنی پێویست هەلدەستێت.

d. ڕێکخراو هەلسوکەوتی وڵاتانی داگیرکەر چاودێری دەکات، لە پێشێلکاریەکان و ئەگەری هەنگاو بۆ کۆمەڵکوژیەکان بە ئاکسیۆنی پێویست هەڵدەستێت.

e. ڕێکخراو هەڵوێست لەسەر ئەو فاکتەرانە وەردەگرێت کە ڕێگا بۆ کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی گەلی کورد خۆش دەکەن.

f. بەدەکومێنتکردن و هەڵوێست نواندن بەرامبەر بەو تاوانانەی دژ بە گەلی کورد کراون و دەکرێن.

g. پەیوەندی کردن بە میدیاکانی جیهان و هەروەها بە ڕێکخراوەکان، پارت و پەرلەمان و دەوڵەتەکان، بە کەسایەتیە دەست ڕویشتوو و دەسەڵاتدارەکان، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا بە مەبەستی ناساندنی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید لە کوردستاندا و بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ بەفەرمی ناساندنی ئەو تاوانانە لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە.

h. هەوڵدان بۆ دانانی چەند مۆنیمێنتێک وەک سومبلێک بۆ بە زیندوو ڕاگرتنی یادی قوربانیانی ژینۆساید لە کوردستاندا.

i. تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر تاوانبارانی تاوانەکانی ژینۆساید دژ بە گەلی کورد.

j. سازدان و بەشداری کردن لە ئاکسیۆنی وەک خۆپێشاندان و مانگرتن.

k. دەرکردنی بەیاننامە و ڕاگەیاندن، چاپ کردنی نامیلکە.

l. ڕاگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوە و کارەکانی بۆ خەڵکی کوردستان.

--------------- تەواو ---------------


# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەندی 1:  ناوی ئەم ڕێکخراوە

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد (چاک).
The Center of Halabja against Anafalization and Genocide of Kurdish People
CHAGKP (CHAK)

## بەندی 2: ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی چاک

1) ئەندام
2) کۆمیتەی وڵاتەکان و لیژنکانی ناو ئەو کۆمیتانە
3) دەستەی کارگێڕ و بەشەکانی ناو ئەو دەستەیە
4) لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون
5) دەستەی باڵا
6) ئەنجومەنی ڕێکخراو
7) کۆبوونەوەی گشتی
8) کۆنگرە
9) لیژنەی ڕاوێژکار
10) ئەندامی شانازی



دەستەی باڵا
(3 کەس)
لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون
(1+3)
دەستەی کارگێڕ
ب. هەڵبژێردراوانی کۆنگرە (7 + 2) - ب. کۆمیتەکان (؟ کەس) – ئ. د. باڵا (3 کەس)
کۆبوونەوەی گشتی
(هەموو ئەندامان)
ئەنجومەنی ڕێکخراو
(کۆمیتە 7 ک.؛ بنکە 3 ک.؛ ئ.د.ک)
کۆمیتە x
لیژنەکان
ئەندامان

## بەندی 3: ئەندام

بە ئەندام بوون ئازەزومەندانە و کراوەیە بۆ هەر کەسێک ، بەم مەرجانەی خوارەوە :

1. تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر نەبێت.
2. بڕوای بە پەیڕەوی و پڕۆگرامی ناوەند هەبێت.
3. پشتیوانی لانی کەمی دوو ئەندامی هەبێت.
4. ئابوونەی ئەندامەتی بدات.
5. بەشداری لەو تاوانانەدا نەکردبێت کە دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراون.
6. بەتاونێکی ناشیاو لە دادگایەکی باوەڕپێکراودا سزا نەدرابێت.
7. کۆمیتەکانی وڵاتان مافی وەرگرتنی ئەندامیان هەیە.
8. لەئەگەری نەبوونی کۆمیتەدا یان بنکە لە هەر وڵاتێکدا بەشی ڕێکخستن مافی وەرگرتنی ئەندامی هەیە.
9. ئەندامی هیچ دەزگایەکی جاسوسی سەر بە ولاتانی داگیرکەر، یان دەوڵەت و پارتێک نەبێت.

## بەندی 4: مافەکانی ئەندام

1. هەر ئەندامێک مافی خۆ کاندید کردن و دەنگدانی هەیە بۆ هەر ئۆرگانێک لە ئۆرگانەکانی چاک، بەگوێرەی ماوەی دیاریکراوی ئەندام بوون و مافەکانی لەم ڕوانگەیەوە.
2. مافی کار و چالاکی هەیە لە چوارچێوەی پەیرەوپرۆگرامدا.
3. مافی پێشکەشکردنی پێشنیار و ڕەخنەگرتنی هەیە.
4. مافی خۆ سڕکردن و وازهێنانی هەیە.
5. مافی بەرزکردنەوەی سکالای بۆ ئۆرگانەکانی سەرووتری کۆمیتە هەیە.

## بەندی 5: ئەرکەکانی ئەندام

1. هەوڵ بدات بەپێی توانای خۆی لایەنی کەم لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی چاکدا هە ڵسوڕاو بێت.
2. هەوڵ بدات بەپێی توانای خۆی یارمەتی مادی و مەعنەوی بۆ چاک کۆبکاتەوە.
3. ئەندامی پاسیڤ و ئەندامی ئەکتیڤ (چالاک) لەیەکتر جیادەکرێنەوە:
   a) هەر ئەندامێک خۆی دەستنیشانی پاسیڤی یا ئەکتیڤی خۆی دەکات.
   b) ئەندامی ئەکتیڤ بەپێی شوێنی ڕێکخراوەیی ئەو ماف و ئەرکانەی لەو پەیرەوەدا هاتووە دەگرێتە ئەستۆ.
   c) ئەندامی پاسیڤ بەگوێرەی کات لە چالاکیەکاندا بەشدار دەبێت.

## بەندی 6: لەدەستدانی ئەندامەتی

ئەندامەتی هەر کەسێک لەناو ئەم ڕێکخراوەدا کۆتایی دێت ئەگەر:

1- خۆی بە نووسراو یا بە فەرمی ڕای بگەیەنێت.
2- دژ بە پەیڕە و پرۆگرام کار بکات. یا یەکێ لە مەرجەکانی وەرگرتنی کە پێی وەرگیراوە لەدەست بدات.
3- لە ئەگەری ڕوودانی کۆچیدوایی.
4- ئابوونەی ئە ندامەتی نەدات.
5- هە وڵی بە پاشکۆ کردنی ناوەند بۆ پارت یان لایەنێکی ڕامیاری دیاریکراو بدات.
6- هەرکەسێک هاوکاری هەر حیزب و بزووتنەوە و دەوڵەتێک بکات کە هەڵدەستێت بە کاری دژ بە مرۆڤایەتی، کۆمەڵکوژی و ژینۆساید.
7- ئەگەر بە دۆکیومێنتی فەرمی 2 جار ئاگادار کرابێتەوە کە لە پرینسیپی کاری ڕێکخراوەیی لایداوە، یان ئەگەر جارێک سڕکرابێت لەسەر ئەو لادانەی کە هەیبووە لە پرینسیپی کاری ڕێکخراوەیی، دوای ئەوە هەر لادانێک لە پرێنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەیی ئەبێتە هۆی ئەوە کە پێشنیاری دەرکرنی بخرێتە بەردەستی دەستەی کارگێڕ.

## بەندی 7: جۆرەکانی لێپرسینەوە

1. ئاگادار کردنەوە
2. سڕکردن
3. دەرکردن، توندترین سزای ناو ئەم ڕێکخراوەیە.

## بەندی 8: دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی لێپرسینەوە و شێوازەکانی

1. کۆمیتەکان مافی ئاگادارکردنەوە و سڕکردن و دەرکردنیان هەیە لەسنوری کۆمیتەدا. پێشنیاری دەرکردن دەکەن ئەگەر لێپرسینەوە بە ئەندامی ئۆرگانەکانی سەروو پەیوەستدار بێت.
2. بڕیاری دەرکردن تەنها بۆ دەستەی کارگێر دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەندام ئەرکی لە ئۆرگانەکانی سەرووی کۆمیتە هەبوو.
3. لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامانی سنوری کۆمیتە لە دەسەڵاتی کۆمیتەدایە.
4. پاش خستنەڕووی پێشنیاری سزا بە بەڵگەوە لەلایەن ئەندامان یان ئۆرگانەکانەوە بە دەنگی زۆرینەی سادە (50+1) پێشنیارەکە پەسەند ئەکرێت.
5. ئەندامی سزادراو مافی سکاڵا و پێداچوونەوەی هەیە بە بڕیاری سزاکەدا لەماوەی 30 ڕۆژدا لەرێگەی کۆمیتەی وڵاتەکەی، ئەگەر کۆمیتە نەبوو یا ئەگەر کۆمیتە بەو کارە هەڵنەستا لە ڕێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون یان دەستەی کارگێر و ئەنجومەنی ڕێکخراو.

## بەندی 9: وازهێنانی ئەندام

1. هەر ئەندامێک لە دەستکێشانەوە ئازادە، مەرجیش نیە ڕوونکردنەوە لە بارەیەوە بدات.
2. لەگەڵ ڕاگەیاندنی **فەرمی** دەست لەکار کێشانەوە، هەموو مافێکی ئەندامەتی لەدەست ئەدات.
3. بۆی هەیە تا 14 ڕۆژ لەدەستکێشانەوەکەی پەشیمان بێتەوە و بگەڕێتەوە سەر هەمان پۆستی ڕێکخراوەیی پێشووی.

4. دەستەی لێکۆڵینەوە و بەدوادچوون بۆی هەیە بەدواداچوون لەو بابەتە بکات.
5. ئەندامی وازهێنەر بۆی هەیە جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو چاک و فۆرمی ئەندامەتی **سەرلەنوێ** پڕ بکاتەوە. بەمەرجێک ئامادە بێت بۆ لێپرسینەوە لە بارێکدا ئەگەر لەپرۆسەی دەست لەکار کێشانەوەکەیدا، تۆمەتی خستبێتە پاڵ چاک یان ئۆرگانەکانی چاک و ئەندامانی چاک.

## بەندی 10 : کۆمیتەی وڵاتان

1- یەکەی بنچینەیی و تاکە نوێنەری فەرمی ڕێکخراوی چاکە لەو وڵاتەی کە تیایەتی.
2- لە هەر ووڵاتێکدا 3 تا 5 ئەندام بنکە پێک دەهێنن، 5 ئەندام زیاتر دەتوانن کۆمیتە پێک بهێنن.
3- کۆمیتە دەتوانێت بەشەکانی تایبەت بەکارەکانی وەک دارایی، پەیوەندیەکان، ڕاگەیاندن هتد. دروست بکات.
4- پێویستە هەر کۆمیتەیەک کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بکات کە تیایدا بەرپرسی کۆمیتە، جێگرەکەی، لیژنەکانی ناو کۆمیتە و بەرپرسەکانیان دیار دەکرێن.
5- کۆبوونەوەی ئاوارتە (نائاسایی) بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتە ½ + 1 دەبەسترێت و دەسەلاتی ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوەیی هەیە.
6- پاڵێوراوی بەرپرسی کۆمیتە دەبێ یەک ساڵ ئەندام بووبێت.
7- ئەندام دوای شەش مانگ لە وەرگرتنی وەک ئەندام، دەتوانێ خۆی بۆ بەرپرسیارەتی بەش و لیژنەکانی ناو کۆمیتەدا بپاڵوێت.
8- بە پێی توانا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ناوەندی چاک لە وڵاتەکەیدا کاردەکات.
9- بەرپرسی کۆمیتە ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێڕ.
10- لە ئەگەری نەخۆشی بەرپرسی کۆمیتە یا دوورکەوتنەوەی لەبەر هۆیەکیتر ئەوا جێگر یا ئەندامێکی تر بە پشتگیری ئەندامان کارەکانی بەرپرس دەگرێتە ئەستۆ.
11- ماف و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی وڵاتەکان لە بەندی (3) خاڵی 8، هەروەها بەندی (8) خاڵەکانی (1 و 3 و 4) دا هاتووە.
12- ئەندام دوای شەش مانگ ئەندام بوون، مافی کاندیدکردنی خۆی بۆ کۆنگرە هەیە.

## بەندی 11: دەستەی کارگێڕ

1- فراوانترین و بەدەسەڵاترین ئۆرگانی باڵایە.
2- هەڵدهستێت بە داڕشتن، جێبەجێکردنی سیاسەت، بەرنامەی کار و چالاکیەکان لە نێوان دوو کۆنگرەدا.
3- پێکدێت لە ئەندامانی دەستەی باڵا (3 کەس)، بەرپرسی بەشەکان [دارایی، پەیوەندیەکان (2 کەس بۆ کوردستان و دەرەوە)، ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، ئەرشیف، نەخشە و پلان دانان (7 کەس)]، بەرپرسی کۆمیتەی وڵاتەکان، هەروەها بەرپرسی کۆمیتەکانی باشور و ڕۆژهەڵات.
4- ئەندامانی دەستەی کارگێر لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن، جگە لە کۆمیتەی وڵاتان.
5- ئەندامانی دەستەی کارگێر لەهەر وڵاتێکدابن، پابەندی بڕیارەکانی کۆمیتەن و لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەدا لە ماف و دەسەڵاتدا یەکسانن.
6- مانگانە کۆبوونەوە دەکات.
7- مافی ئاگادار کردنەوە، سڕکردن و لێسەندنەوەی ئەندامەتی هەیە هەروەک لە بەندی هەشت خاڵی (2)دا هاتووە.

8- ئەندام دوای شەش مانگ ئەندام بوون، مافی خۆ کاندیدکرن و پاڵاوتنی بۆ ئەندامەتی دەستەی کارگێر هەیە.

## بەندی 12: بەشەکانی ناو دەستەی کارگێر

1- بەشەکان بریتین لە :[دارایی، پەیوەندیەکان (کوردستان و دەرەوە)، ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، ئەرشیف، نەخشە و پلان دانان].
2- بەرپرسی ئەم بەشانە ئەندامی دەستەی کارگێرن کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەن.
3- ئەندامانی هەر بەشێک پێک دێت لە بەرپرس و بەرپرسانی هەمان بەش (لیژنە) لە کۆمیتەی وڵاتان.
4- هەر بەشێک بەپێی پێویست کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات.
5- هەر بەشێک ئیمایل گروپی تایبەت بە خۆی دەبێت. کە لە پاشکۆی ئەم پەیرەوەیەدا یاساکانی بەکارهێنانی دیاری کراوە.
6- ئەرکەکانی هەر یەک لەم بەشانە و سنووری دەسەڵاتیان بە پاشکۆیەک دیاری کراوە.

## بەندی 13: دەستەی باڵا

1- لە سێ ئەندام پێک دێت و لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.
2- میکانیزمی هەڵبژاردنەکە لە پاشکۆی ئەم پەیرەوەیەدا هاتووە.
3- نوێنەرایەتی فەرمی چاک دەکات لە سەر ئاستی جیهاندا.
4- هەرسێ ئەندام بەگوێرەی پێویست و تەبایی خۆیان ئالوگۆر بە ئەرکەکان لەنێوان خۆیاندا دەکەن.
5- مافی پێشنیارکردنی ئاڵوگۆڕ و پێشنیارکردنی متمانە لێسەندنەوەی ئەندامانی دەستەی کارگێریان هەیە. پێشنیارەکە لە ئەنجومەنی ڕێکخراودا بڕیاری لەسەر دەدرێت.
6- مافی بەشداری کردنیان هەیە لە کۆبوونەوەی ئاسایی و کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمیتەکاندا، هەروەها مافی بەشداریان لە کۆبوونەوەی بەشەکاندا هەیە.
7- مافی پیشنیاری کۆنگرەی ئاوارتەیان هەیە، کە ئەنجومەنی ڕێکخراو بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدات.
8- لە نێوان خۆیاندا ئەم کارانە دابەش ئەکەن: [وتەبێژی، نەخشە و پلان دانان، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان، هاوکاری و یارمەتی بەشەکان و کۆمیتەکانی کوردستان]
9- بڕیارەکانی دەستەی باڵا بە تێکڕای دەنگ دەبن، ئەگەر ناتەبایی هەبوو، بابەتەکە دەخرێتە بەردەست دەستەی کارگێر، ئەگەر بۆ ماوی 14 ڕۆژ یەکلانەبووەوە، ئەوا لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون پێشنیاری خۆی ئاراستەی ئەنجومەنی ڕێکخراو دەکات و لەوێدا یەکلادەکرێتەوە.
10- ئەندامی دەستەی باڵا دەبێ لانی کەم یەک ساڵ ئەندام بووبێت.

## بەندی 14: لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

1. لە 3 ئەندام و 1 ئەندامی یەدەگ پێک دێت.
2. ئەندامانی لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.
3. نابنە ئەندام لە دەستەی کارگێڕ، بەڵام بۆیان هەیە وەک میوان بەشداری کۆبونەوەکانیان بکەن.
4. لانی کەم دەبێ ساڵێک ئەندام بووبن.

5. ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە کێشە و سنور بەزاندنەکان دەکات. چ ئەوەی کە لە لایەنێکەوە بۆیان پێشنیارکرابێت یان خۆیان دیاردەیەکی سنوربەزاندن ببینن.
6. لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەتوانێ جۆری سزا بۆ پێشێلکاری وەک پێشنیار دیار بکات.
7. هەموو ئۆرگانەکانی چاک دەبێ پابەندبن بەئاکامەکانی لێکۆڵینەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، لە دوای پەسندکردنی لە لایەن ئەنجومەنی ڕێکخراوەوە.
8. پەسەندکردنی پێشنیارەکانی سزا و بڕیارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی کارگێر و لە ئەنجومەنی ڕێکخراو بەزۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێت.
9. لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون ڕۆڵی ئاگادارکەرەوە دەبینێت لەئەگەری سنوربەزاندن و پێشێلکاری پرەنسیبەکانی ناوەند لە لایەن ئەندامان، بەش و کۆمیتەکانەوە.
10. لە کاتی قەیرانێکی ڕێکخراوەیی گەورەدا، پاش بەدەستهێنانی متمانە لە لایەن ئەنجومەنی ڕێکخراودا، ڕابەرایەتی ڕێکخراو دەکەن تا بەستنی کۆنگرەی نائاسایی.
11. هەر پرسێک کە لە لایەن لیژنەی لێکۆلینەوە و بەدواداچووندا بە چارەنوساز بزاندرێت، بۆ یەکلاکردنەوە دەخرێتەبەردەم ئەنجومەنی ڕێکخراو و گشتپرسی ئەندامان.

## بەندی 15: کۆنگرە

1. بەرز ترین ئۆرگانی دەسەڵاتی ناوەندە کە دەتوانێ بڕیاری چارەسنوسساز بدات، وەکو ناوگۆڕین یا هەڵوەشانەوەی ڕێکخراو یا بڕیاری چارەنووسسازی دیکە.
2. هەر 2 ساڵ یەک جار لە نوێنەرانی کۆمیتەکان، سەرجەم دەستەی کارگێر، لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون پێک دێت.
3. ڕێکخراو دەتوانێت کۆنگرەی ئاوارتە لە کاتی پێویستدا پەسند بکات، کە لە لایەن ئەنجومەنی ڕێکخراوەوە بە زۆرینەی 50+1 پەسند دەکرێت.
4. مافی ئاڵوگۆڕی لە بەرنامە و پەیڕوی ناوخۆدا هەیە.
5. ئەندامانی دەستەی کارگێر، دەستەی باڵا و لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و لیژنەی ڕاوێژکاری تیا هەڵدەبژێردرێت.
6. ئەندام 6 مانگ ئەندام بووبێت، مافی خۆپاڵاوتنی هەیە.

## بەندی 16: کۆبونەوەی گشتی

1. بۆ لێدوان لەسەر چالاکی و کەمپین، گفتوگۆ لەسەر گرفتە ناوخۆییەکان، بیروڕا و هەڵوێست گۆڕینەوە لەسەر بابەتەکانی ڕۆژ کە پەیوەندیان بە [چاک]ەوە هەیە، کۆبوونەوەی گشتی دەبەسترێت.
2. کۆبوونەوەی گشتی بە بەشداری ئەندامان لە هەموو ئاستێکدا، لە ژوورێکی پاڵتۆکی تایبەتدا 3 مانگ جارێک یان بەپێی پێویست دەبەسترێت.
3. ئەم کۆبوونەوانە بە بانگەوازی دەستەی باڵا یان دەستەی کارگێر دەبەسترێن.
4. ئەو بڕیارانە دەخاتە دەستووری کاریەوە کە ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە وەک دەسەڵات بە ئۆرگانە جیاجیاکانی ئەم ڕێکخراوەی نەبەخشیوە.

## بەندی 17: ئەنجومەنی ڕێکخراو

1. ئەنجومەنی ڕێکخراو، پێکدێت لە ئەندامانی کۆمیتەکان (7 ئەندام لەهەر کۆمیتەیەک)، بنکەکان (3 ئەندام لەهەر بنکەیەک)، ئەندامانی ئەو وڵاتانەی نەبوونەتە بنکە و ئەندامانی دەستەی کارگێر.
2. مانگی جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات.
3. ئەرکی چاودێریکردنی دەستەی باڵا و دەستەی کارگێڕ لەئەستۆ دایە.

4. تاوتوێکردنی بابەت، لێپرسینەوە لە بەرپرسانی ئۆرگانەکانی سەروو، پەسندکردنی یاسای لە دەسەلات دایە.
5. بەرپرس و جێگرێکی هەیە، کە ئەندامانی ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا هەڵیاندەبژێرن. کە ماف و ئەرکی بەرپرس و جێگری پەرلەمانی هەیە.
6. ئەندامانی دەبێ شەش مانگ ئەندام بووبن.
7. جگەلەو دەسەڵاتانەی لێرەدا نووسراون، دەسەلاتی بریاردانی هەیە بەپێی بەندی 8 برگەی 5؛ بەندی 13 برگەی 5، 7، 9؛ بەندی 14 برگەی 7، 8، 10، 11؛ بەندی 15 برگەی 3؛ پاشۆکۆ خاڵی 10 برگەی a,b.
8. ئەنجوومەن بۆی هەیە بەش و دەستەی تایبەت بۆ بواری جیاجیا دروست بکات.
9. دەتوانێ سوود لە لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون وەربگرێت.
10. بۆی هەیە بە مەبەستی بەدواداچوون بانگی دەستەی کارگێر، دەستەی باڵا، لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەن بکات.
11. دەتوانێ بە هەماهەنگی لەگەل دەستەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون سەبارەت بە سەرپێچی کە لە لایەن هەر ئەندامێکی دەستەی کارگێرەوە کرابێت، بریار بدات.
12. بریارەکانی ئەنجومەن بە زۆرینەی دەنگ وەردەگیرێن و یەکلاکەرەوەن.

## بەندی 18: سەرچاوەکانی دارایی

1- ئابوونەی ئەندامەتی لانیکەم 30 یۆرۆیە ساڵانە بۆ دانیشتوانی ئەوروپا، ئوسترالیا، ئەمەریکا و کەنەدا، کە دەکرێت بە دوو جار بدرێت. یان هەر کۆمیتەیەک لە لایەن خۆیەوە دەتوانێ دەستنیشانی بری پارەکە بکات.
2- ئابوونەی ئەندامانی دانیشتووی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمیتەکان خۆیان دیاری دەکەن.
3- کۆمەکی بێ مەرجی کەس و رێکخراوەکان.
4- کۆمەکی دەوڵەتی تەرخان کراو بۆ رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەکان.
5- داهاتی دەستکەوتوو لە بلاوکراوە و بەرهەمەکان و پرۆژەکانی پەیاکردنی دارایی.
6- سەرچاوەکانی دارایی و بری ئەو داراییەی کە ئەم رێکخراوە هەیەتی، هەروەها چۆنیەتی خەرجییەکانی نابێت لە ئەندامان شاراوە بێت. بۆ ئەو مەبەستە بەشی دارایی ساڵانە بە راپۆرتێک ئەم رێکخراوەی لێ گادار ئەکاتەوە.
7- دارایی ژمێریاری تایبەت بەخۆی دەبێت.

## بەندی 19: هەڵوەشانەوەی رێکخراو

1- لە ئەگەری نەبەستنی کۆنگرەدا دوای بانگردن بۆ بەستنی کۆنگرە دووجار لە نێوان 3-6 مانگ، لە کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەدا، بریاری هەڵوەشانەوە بەپێی زۆرینەی سادەی ژمارەی بەشداران دەدرێت.
2- سامانی رێکخراو دەبەخشرێت بە رێکخراوێکی مرۆڤانە یا بۆ بوارێکی مرۆڤانە بەکار دەهێندرێت.
3- لە ئەگەری بەدیهاتنی ئامانجەکانی رێکخراودا، رێکخراو هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەش لە کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەدا بەپێی زۆرینەی سادە دەکرێت.

## بەندی 20: لیژنەی ڕاوێژکار

دەکرێ لە کۆنگرەدا ئەندامانی هەلبژێردرێت. ڕاوێژکار بۆ یارمەتی و زانیاری پێدان لەسەر بابەتێک یا هەنگاوێک سوودی لێ وەردەگیرێت. ڕاوێژکار دەکرێ کەسانی دەرەوەی ڕێکخراو بن و لە لایەن ئۆرگانێکی ڕێکخراوەوە سوودیان لێ وەربگیرێت.

## بەندی 21: ئەندامی شانازی

ئەو کەسانەی لە بواری دژ بە ژینۆسایدا چالاکن، یان کەسایەتی هاوکار و دڵسۆزی دۆزی ژینۆسایدی گەلی کوردن، دەکرێ وەک ئەندامی شانازی وەربگیرێن.

# پاشکۆی پەیرەوی ناوخۆ

**تێبینی:**

**پاشکۆ هەمان کاریگەریی پەیرەوی ناوخۆی هەیە و هەموو ئەندامان پێیەوە بەندن. لەم بەشەدا وردەکاری سەبارەت بە ئەرکەکان، شێوەی کارکردن و سنور و پرەنسیپەکانی کار دیارکراون و نووسراون.**

## 1. ئەندام:

ئەندام هەر پلەوپایەیەکی ڕێکخراوەیی هەبێت پەیرەوی ئەم خاڵانە دەکات:

a. ئەندام دەبێ لە کارەکانیاندا ئەندامانی دیکە (لەم چوارچێوە پێکهاتەییەی ئەندامەکە کاری تێدا دەکات) ئاگاداربکەنەوە، بەشێوەی: بەر لە کارەکە، لە کاتی کارەکەدا و لە ئەنجامی کارەکەدا، ئەوەش لە ڕێگای کۆبوونەوە یا ئیمایلی هاوبەشدا یا ڕێگای دیکەی گونجاودا.
b. ئەندام لە سنوری ئەرکەکانی خۆیدا کار دەکات، لە بوارەکانی دەرەوەی سنوری ئەرکەکەیدا نابێ بەبێ پرس و ڕاسپاردەی ئەندامانی پەیوەستدار بە بوارەکان بە کار هەستن.
c. کار و هەنگاوەکان لە هەر ئاستێکدا بە کراوەیی و ڕێکخراوەیی ئەنجام دەدرێن. هەر نامە و دەکومێنتێک هەبن دەبێ بۆ ئەندامانی پەیوەستدار بنێردرێن و لێیان ئاگادار بکرێنەوە.
d. ئەندام بۆی نییە کاری تاکڕەوانە لەناو ڕێکخراودا ئەنجام بدات، دەبێ کارەکانی لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی دابن و بە پێ پرەنسیپەکانی ڕێکخراو بن.
e. ئەندام بۆی نییە بەبێ بڕیاری ڕێکخراوەیی بەیان و نوسراو بە ناوی چاک سەربەخۆ دەربکات.
f. تۆمەتبارکردنی ئەندامێک لە لایەن ئەندامێکی ترەوە بەبێ بەڵگە، سزای بەدواوە دێت.
g. هەوڵی لەتلەتکردن، کە بە بەڵگە دەسەلمێندرێت، بە سزا وەڵامی دەدرێتەوە.
h. ئەندام مافی هەیە لە کۆبوونەوەی تایبەتی داخراوی ڕێکخراودا گلەیی و ڕەخنەکانی کۆنکرینتیانە بە بەڵگەوە بخاتە ڕوو.
i. ئەندام ملکەچی بڕیارەکانە، کە بە شێوەیەکی دیموکراسیانە و بە زۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێن.
j. بڕیاری **کۆتایی** لەسەر کێشەی ناوخۆیدا جێگای خۆی دەگرێ، واتە دوای پیادەکردنی ماف، گەڕانەوە بۆ سەر کێشەکانی بەر لە بڕیار پەسند ناکرێت. جگە لە مۆڵەتی ڕێگەپێدراوی ڕێکخراوەیی.
k. ئەگەر ئەندام ڕەخنەی لە بڕیارێکی پەسندکراو هەبوو:
   1. سەرەتا پەنابباتەبەر ڕێگا قانونیەکان و لە کەناڵە ڕێکخراوەییەکان ڕەخنەی خۆی بگرێت.
   2. هەڵسان بە کۆکردنەوەی پشتگیری لە دژی بڕیاری دراودا لە دەروەی ڕێگا قانونیەکاندا، پەسند ناکرێت.
l. لە ئەگەری سکاڵادا لە لایەن ئەندامانەوە، دەبێ بەگوێرەی سنوری کاتی دەستنیشانکراو وەڵامی ئەندامان بدرێتەوە.

## 2. ئەندامانی ئاستەکانی سەرووی کۆمیتەی وڵاتەکان

ئەندام لە هەر پلەوپایەیەکی سەروو بێت پەیرەوی ئەم خاڵانە دەکات

a. ئەندام بە تەنها نوێنەری ڕێکخراو نییە و دوور لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی کار ناکات.
b. دەتوانێ ئەرک لە کۆمیتەی ئەو وڵاتەی کە لێی دەژی لە بوارێکەوە بەدەستەوە بگرێت.
c. ئەگەر هیچ ئەرکی دیاری نەبوو، بەراسپاردەی ئەندامانی کۆمیتە بە کار و ئەرک هەڵدەستێک.
d. دەستێوەردان لە کاروباری دەستەی باڵا ناکات.
e. دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی کۆمیتەی وڵاتەکان ناکات.

## 3. وازهێنانی ئەندام

a. ئەگەر ئەو ئەندامەی واز لە ڕێکخراو دەهێنێت، بەیانی گشتی دەرکرد و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوی کردەوە، بەڵام هێرشی ناڕەوای نەکردە سەر ڕێکخراو، دەرکردنی بەیانەکە کێشەی خۆی دەبێت.
b. ئەندامی گەراوە دوای 14 ڕۆژ لە وازهێنان، مافی ئەندامەتی وەردەگرێتەوە، بەڵام هەمان پلە و پایەی پێشووی وەرناگرێتەوە. ئەو ئەندامە تا هەڵبژاردن لە ئاستی کۆمیتە یا ڕێکخراودا وەکو ئەندامی سادە دەمێنێتەوە.
c. ئەگەر ئەو کەسەی لە کاتی وازهێناندا نوسراوی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکردەوە، ناوناتۆرە و تۆمەتی خستەپاڵ ڕێکخراو، گەرانەوەی ئەو کەسە مەرجدار دەبێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.
d. ئەگەر ئەو کەسە ویستی بگەڕێتەوە، ئەوا ئەگەری وەرگرتنەوەی ئەو کەسە بەم مەرجانە دەبێت:
   1. دەبێ پشتگیری ¾ ئەندامانی کۆنسەی کارگێر بەدەست بهێنێت.
   2. دەبێ لە ڕاگەیاندنی گشتیدا داوای بوردن لە ڕێکخراو بکات.

## 4. کۆمیتەی وڵاتان

a. کۆمیتەی ولات لەو دەسەلاتە زیاتری نییە کە لە پەیرەوی ناوخۆدا بۆی دیار کراوە.
b. بەرپرسی کۆمیتە ڕاپۆرتی کۆبوونەوە و جموجۆڵەکانی بۆ ئەندامانی کۆمیتە و دەستەی کارگێر دەنێرێت.
c. بەرپرسی کۆمیتە ڕاپۆرتی کۆبوونەوە و جموجۆڵەکانی دەستەی کارگێر، یا دەزگاکانیتر بۆ ئەندامان دەنێرێت.
d. ئیمایلگروپی تایبەت بەخۆی دەبێت.
e. ئەگەر کەسی گونجاو بۆ کارێکی تایبەت نەبوو دەکرێ سوود لە کەسی دەرەوەی چاک وەربگیرێت، بە مەرجێک ئەو کەسە شیاو و گونجاو بێت. دەبێ دیارکردنی ئەو کەسە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆمیتە پەسند بکرێت.
f. کۆمیتە دەتوانێت سوود لە شارەزایی، زانیاریی و ڕێنمایی کەسانی پسپۆر کە لەدەرەوەی ڕێکخراودان وەربگیرێت.

## 5. بەشەکانی ناو دەستەی کارگێر

بەشەکان پێکدێن لە ڕاگەیاندن، پەیوەندی، دارایی، ڕێکخستن، ئەرشیف، نەخشە و پلان دانان. بەرپرسی ئەم بەشانە لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن. لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا لەگەڵ دەستەی باڵا دا ئەرکەکانیان دەستنیشان دەکرێت.

### A. بەشی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن زمانحالی ڕێکخراوە و لەو کەنالەوە نووسراوەکانی ڕێکخراو بۆ بڵاوکردنەوە دەنێردرێن.
بەشی ڕگەیاندن پەیرەوی ئەم خاڵانە دەکات:
1. لە چوارچێوەی پەیرەو، بەرنامە، ئامانج و پرەنسیپەکانی ڕێکخراودا نووسراو بڵاودەکاتەوە.
2. لە چوارچێوەی ستاندارد و پرەنسیپەکانی ڕێکخراوی مرۆڤانە دەرناچێت.
3. ڕاستگۆیانە ئاماژە بە ڕووداو و سەرچاوە دەکات.

4. نووسراو بۆ بڵاوکردنەوە، بەر لە بڵاوکردنەوەی بۆ دەستەی کارگێر دەنێردرێت، کە:
   a. چاوەڕوانی تێبینیەکان بۆ ماوەی 24 کاتژمێر دەکات.
   b. لە باری تایبەتی ناکاییدا دەکرێ ئەو کاتەدیارکراوە کەمتر بکرێتەوە.
   c. ئەگەر بابەتێک هەنوکەیی نەبوو ئەوە کاتی کۆتایی بۆ وەرگرتنی تێبینی دیار دەکرێت.

5. ڕەچاوی ئەو تێبینیانە دەکات کە لە چوارچێوەی کارەکانی ڕێکخراودان.
6. خۆی بەدوور دەگرێ لە هەڵوێستی ڕامیاریی و پەلهاویشتن بۆ دەسەلات.
7. خۆی بەدوور دەگرێ لە بەکارهێنانی وشەی نزم و ناشیاو.
8. ڕێکخراو ماڵپەڕی سەربەخۆی خۆی دەبێت و لەژێر سەرپەرشتی بەشی ڕاگەیاندن دەبێت کە:
   a. بابەت و نوسراوەکانی ڕێکخراو بڵاودەکاتەوە.
   b. بابەت و نوسراو کە لە چوارچێوەی بەرنامە و ئامانجەکانی ڕێکخراودان بڵاودەکاتەوە.

## B. بەشی پەیوەندی

بەشی پەیوەندی هەموو ئەو ئەرک و کارانە دەگرێتەوە کە دەچنە بواری پەیوەندی ڕێکخراو لەگەڵ ڕێکخراوی دیکەدا.

1. لە هەنگاو و کارەکانیدا دەستەی کارگێر ئاگادار دەکاتەوە.
2. پەیوەندی لەسەر بنچینەی ئامانج و پرەنسیپەکانی ڕێکخراو دەبەستێت.
3. لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ژینۆسایددا کار دەکەن، بەپێی توانا پەیوەندی دەگرێت و دەبەستێت.
4. خۆی بە دوور دەگرێت لە پەیوەندیکردن بە کەس یا ڕێکخراوی دژە مرۆڤایەتی، گومانلێکراو و یا سەربە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان.
5. بەشی پەیوەندی بەگوێرەی پێویست بەرپرسیار بۆ لقەکان دیار دەکات.

## C. بەشی دارایی

ئۆرگانێکە کە سەرپەرشتی دارایی ڕێکخراو و ڕێکخستن و پێشخستنی داهاتی ڕێکخراو دەکات.

1. لە هەنگاو و کارەکانیدا دەستەی کارگێر ئاگادار دەکاتەوە.
2. داهاتی ڕێکخراو دەپارێزێت و بەکاری دەهێنێت.
3. ئامۆژگاری دەداتە کۆمیتەکان.
4. بۆی نییە سەربەخۆ داهاتی ڕێکخراو بەبێ ئاگاداری دەستەی کارگێر بەکار بهێنێت.
5. خۆی بە دوور دەگرێت لە یارمەتی کەس و ڕێکخراوی دژ و گومان لێکراو، یان وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، یان ولاتانی دژ بە ئازادی و مرۆڤایەتی.
6. بەکارهێنانی پارە و داهاتی ڕێکخراو لە لایەن ئەندامێکی بەشەوە بۆ کاروباری تایبەتی دوور لە کاری ڕێکخراوەیی، بەرەورووی سزا دەبێتەوە.
7. دەکرێ بەشی دارایی چاودێری ژمێریاری هەبێت.

## d. بەشی ڕێکخستن

ئۆرگانێکە کە سەرپەرشتی ڕێکخستنی ڕێکخراو دەکات لە هەموو ئاستەکاندا.

1. لە هەنگاو و کارەکانیدا دەستەی کارگێر ئاگادار دەکاتەوە.
2. ئامۆژگاری دەداتە کۆمیتەکان.

3. لە نزیکەوە یارمەتی و هاوکاری کۆمیتەکان لە بواری ڕێکخستنەوە دەکات.
4. ئاماری ئەندامان لای خۆی ناوە ناوە دەکات.
5. فۆرمی ئەندامەتی بۆ ئەندامان دەنیرێت و داوای پرکردنەوەیان لێ دەکات.
6. لە زیادبوون یا کەمبوونی ئەندام ڕێکخراو ئاگادار دەکاتەوە.
7. ئەرکی کۆمیتە دروستکردن یان هاوکاری لە کۆمیتە دروستکردندا هەیە.

### e. بەشی نەخشە و پلان دانان

بەئەرکی دانانی نەخشەی ساڵانە و درێژخایەنی ڕێکخراو هەڵدەستێت. ئەرکی پاراستنی بەرژەوندیەکانی ڕێکخراو دەگرێتە ئەستۆ.

### F. ئەرشیف

بەرپرسی ئەرشیف ئەرکی ئەرشیفکردنی دەکومێنت و نوسراوەکانی ڕێکخراو دەگرێتە ئەستۆ.

1. بەرپرسی ئۆرگانەکانی ڕێکخراو دەکومێنت و نوسراوەکانی ڕێکخراو بۆ بەشی ئەرشیف دەنێرن.

## 6. دەستەی کارگێڕ

پەیرەوی ئەم خاڵانە دەکات:

a. دەست لە کاروباری کۆمیتەی وڵاتەکان وەرنادات.
b. دەست لە کاروباری بەشەکان وەرنادات.
c. ئامۆژگاری کۆمیتە یا دەزگاکانی تر دەکات.
d. لە هەر هەنگاوێکی خۆیدا گوێ لە ئامۆژگاری و پێشنیارەکان دەگرێت.
e. ڕاپۆرتی کۆبوونەوە و جموجۆڵەکانی بۆ خواروو دەنێرێت.
f. ئەرک و چاڵاکیەکانی خۆی بە هاوکاری دەستەی باڵا ئەنجام دەدات.

## 7. دەستەی باڵا

پەیرەوی هەمان ئەو خاڵانەی بەندی 6 کە بۆ دەستەی کارگێر هاتووە، دەکەن. لەگەڵ:

a. سەربەخۆ لە جیاتی دەستەی کارگێر دەسەلاتی دەستەی کارگێری نییە.
b. ڕاپۆرتی کۆبوونەوە و جموجۆڵەکانی بۆ خوارەوە دەنێرێت.
c. ئەندامی دەستەی باڵا کار و ئەرکەکانی لە چوارچێوەی بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆ جێبەجێ دەکات، واتە هزر و بۆچوونی تایبەتی خۆی بەلاوە دەنێت.
d. سەرپەرشتی دەستەی کارگێر دەکات.

## 8. ئیمایلگروپ و بەکارهێنانی

ئیمایلگرووپ لە هەر ئۆرگانێکدا بە پشگتیری زۆرینەی ئەندامانی ئەو ئۆرگانە پەسند دەکرێت.
بەکارهێنانی ئیمایلگرووپ بەپێی ئەو خاڵانەیە:

a. هەواڵ گۆڕینەوە.
b. ئاگادار کردنەوەی ئەندامان بۆ کۆبوونەوە و چالاکی.
c. بیروهەڵوێست دەربڕین لەسەر بابەتی تایبەتی پەیوەستدار بە کار و ئامانج و پرەنسیپەکانی ڕێکخراو.
d. تێبینی دەربڕین لەسەر نوسراوی چ تایبەت یا گشتی ڕێکخراو.
e. نابێ ئیمایڵگروپ بۆ سەرزەنشتکردن یا هێرشکردن بۆ سەر ئەندامێک بەکار بهێندرێت. بەکارهێنانی جوێن و چەمکی ناشیاو دژ بە ئەندام یا دەزگای ڕێکخراوەیی قەدەغەیە. هەر کەسێ ئەوە بکات دوای جارێک ئاگادارکردنەوە لە ئیمایلگروپ دەردەکرێت.

## 9. کۆبوونەوەی گشتی

کۆبوونەوەی گشتی ئەندامانی ڕێکخراو 3 مانگ جارێک یا بەپێی پێویست لە ڕێگەی پاڵتۆلک ساز دەکرێت.

a. مافی بڕیاردانی لەسەر کەمپین یا جێگیرکردنی داواکاری سەبارەت بە بابەتی گونجاو لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراودا هەیە.
b. بڕیار بە زۆرینەی دەنگی بەشداران پەسند دەکرێت.
c. ئەندامانی بەشدار بەڕێزەوە تاوتوێی بابەتەکان بکەن، هەر ئەندامێک وتەی ناشیرن و ناشیاو دژ بە ئەندامێکی دیکە بەکاربهێنێت، لە کۆبوونەوە دەردەکرێت.
d. دەکرێ کۆبوونەوەکانی دەستەباڵاکان و بڕیارەکانیان بە کراوەیی لە کۆبوونەوەی گشتیدا بکرێن.

## 10. کۆبوونەوەی ساڵانە

کۆبوونەوەی ساڵانە کە لە نێوان دوو کۆنگرەدا دەبەسترێت، پەیرەوی ئەم خاڵانە دەکات.

a. بە پێشنیاری زۆرینەی دەستەی کارگێر، وە بەپشتگیری 50+1 ئەندامانی ئەنجومەنی ڕێکخراو دەبەسترێت.
b. ئەگەر یەک لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی کارگێر دەستیان لەکار کێشایەوە، کۆبوونەوەی ئاوارتەی ساڵانە بە پێشنیاری زۆرینەی ئەندامانی چالاکی دەستەی کارگێر و بەپشتگیری 50+1 ئەندامانی ئەنجومەنی ڕێکخراو دەبەسترێت.
c. دەسەڵاتی هەموارکردنی بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوی هەیە.
d. دەتوانێ لەئەگەری بەتاڵی شوێندا ئەندامی نوێ بۆ ئۆرگانە باڵاکان هەڵبژێرێت.
e. دەسەڵاتی گۆڕینی ناو و ئارمی ڕێکخراوی نییە.
f. کۆمیتەی ولاتەکان بەهاوکاری دەستەکان دەستنیشانی ئەندامانی بەشداربووی کۆبوونەوە دەکەن.

## 11. کۆنگرە

جگەلەوەی لە بەندی 15 پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە، سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەندامان بۆ ئۆرگانەکان دەکرێ پەیرەی ئەم ڕێنماییانە بکات، ئەوەش ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ یەکلای دەکەنەوە:

a. هەموو ئەندامانی دەستەی کارگێر سەرەتا هەلبژێردرێن، پاشان سێ کەس بۆ دەستەی باڵا.
b. ئەندامانی دەستەی کارگێر بۆ ئۆرگانەکان هەر یەکە و بەجیا هەلبژێردرێن.

c. هەموو ئەندامان بەیەکەوە هەڵبژێردرێن، لە نێو ئەوانەدا سێ کەس کە زۆرترین دەنگیان هێناوە ببن بە ئەندامی دەستەی باڵا.